# دەسەڵاتی میلیشیایی کوردی و
# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانی کوردستان!

## حەمەغەفور

بەشوێن ڕاگەیاندنی "یەکپێگرتنەوەی ئیدارەکانیان"دا پارتی و یەکێتی، هەراوزەنایەکی گەورەیان سازکردو وەکو"دەسکەوتێکی مێژوویی!"دیکە لە قەڵەمیانداو دایانەوە بەچاوی خەڵکیدا وە کردیانە بارقەڵای بەزم و هەڵپەرکێیەکی تر بۆ دەستوپێوەندەکانی خۆیان. بەجیا لەوەی هەڵڕشتنی پارەوپوولی باناوەردەڵەی بەردەستی ئەم حیزبانە لە پێناوی نانەوەی زرمبەو ڕمبازێنی بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکانیان بە مەبەستی چەواشەکاری، چەندە پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە یان نا، تا چەند کاریگەری دەهاوێتەسەر نەفرەت و نارەزایەتی قووڵی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی خۆیان و دەسەڵاتی ئەم حیزبانە، خاو یاخود توندتری دەکاتەوە، خودی سازکردنی ئەم هەڵلا و هەڵپەرکێ و ڕمبازێنە هەر جارەی بەبۆنەی شتێکەوە، خۆی بە تەنها بەسە هەتا وەکو نموونەو بەڵگەی عەشیرەیی بوون و خێڵەکی بوونی ناسیونالیزمی کورد و ئەم دوو حیزبە و سەرتاپێی دەسەڵات وئیداراتیان بهێنرێتەوە! ئەم دیاردەیە بۆتە سوننەتێکی بزووتنەوەی کوردایەتی و بە هەق وناهەق پارەی بۆ هەڵدەرێژن! لەهیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا بەمرادەیە سەرگەرمی بۆ چەواشەکاری برەوی نییە. ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە گەیشتنی بەمەرامێکی تایبەتی خۆی وەکو هاتنەدی نیازێکی کۆمەڵ نیشانبدات. ئەم سوننەتە دواکەوتووانەیە تەنها شایەنی ڕیسواکردنە و بەس! دەسەڵاتێك کە جگە لە برەودان بە ڕۆحییەت و دەستڕۆیشتوویی داروەستەی میلیشیایی و عەشیرەیی و سەروخەڵکی، جگە لە قۆرغکردنی هەموو شتێك لە بندەستی حیزب و خێڵ و عەشیرە و بنەماڵەدا، هیچ شتێکی بۆ کۆمەڵگای کوردستان بەرهەمنەهێنابێت، دەسەڵاتێك منالان و لاوان و ژنان لەژێر سایەیدا بێمافترین توێژی کۆمەڵگا بن و بکرێنە پاشکۆی گەورەکان و پیاوان و خودی خۆی بووبێتە لانکی بەرهەمهێنانی نەریتی پیسی گەورەسالاری و پیاوسالاری و ناموسپەرستی و ڕەسم وباساو ڕێسای دینی و دواکەوتووانە، بە کردەوە لەژێر ناوی عورف و عادەتی خۆماڵی و کوردەواریدا بەربگرێت بە برەوسەندنی شێوەی ژیانی مۆدێرن و ڕۆژئاوایی بە تایبەت لەناو گەنجاندا، کۆمەڵگا بکاتە دۆزەخی واقعی بۆ زۆربەی خەڵکەکەی نەك شوێنی ژیان بۆیان، کۆمەڵگای مۆدێرنی کوردستان بکاتە مەیدانی تەراتێنی هێز و تاقمی چەکبەدەستی عەشیرەیی و ئیسلامی و زیندانیش بۆ گەنجان و تازەلاوان، باسکردن لە کەمیی عونسوری ژن لە ڕیزی حیزب و ئیدارەکانیاندا بێجگە لە درۆیەکی شاخدارو سیناریۆ و تەڵەیەکی دیکە بۆ خۆدزینەوە لە مەسەلە و کێشەی ژنان شتێکی تر نیە. بەبڕوای من پینەوپەڕۆیەکە بۆ داپۆشینی شەبەقێکی دیکەی گەندەڵی و ڕیسواییەکی زیاتر کە لە مەیدانی کێشەی ژنانیشدا بەرەورووویانبۆتەوە.

ئەمڕۆژانە مەسەلەی ژنان و ماف و خواستەکانیان لە فۆرمێکی سەیر و سەرسوڕهێنەردا لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کێشراوەتە ناوەوە و بۆتە جێگای باس و گفتوگۆ و کۆبوونەوە و سیناریۆسازکردن لە ئاستی پەرلەمانە یەکخراوەکەیاندا. باس و خواسی بەشدارکردنی ڕێژەیەکی زیاتری "ژنانی ناو حیزبەکانیان گوایا لە حکومەتی یەکگرتوودا" جەنجاڵێکی گەرمی بۆ خولقێنراوە. پرسیارێك کە ئەم جەنجاڵە دەیهێنێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایا پارتی و یەکێتی وەکو دوو حیزبی دەسەڵاتدار کە تا بینەقاقایان نوقمی گەندەڵی و فەسادی و ڕاووڕووتن وە لە بەردەم بێمتمانەیی خەڵکی کوردستاندا دەناڵێنن و بەرەورووی قەیرانێکی سیاسی و حکومەتیی توند بوونەتەوە، زیاتر لە ساڵێکیشە ئەم مەسەلەیە بۆتە مەیدانی ململانێی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ ئەم حیزبانەدا و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەسەری شکڵیگرتووە و خەڵك وئەم حیزبانەی بە شێوەیەکی ڕوون وئاشکرا وەکو دوو جەبهەی دژبەیەك خستۆتە بەرامبەر یەکترەوە، تەنانەت ئەم حیزب و دەسەڵاتانە بە تەقەکردن لە خۆپیشاندانی شارەکان و ڕشتنی خوێنی خەڵکێك کە داوای ئاوی خواردنەوە و کارەبا و خزمەتگوزاری سەرەتایی دەکەن وەڵامیان دەدەنەوە، بە هێنانەبەرەوەی مەسەلەی ژنان لەم فۆرم و بەرگەدا کە باسمکرد، دەیانەوێ چی وەڵامێك بە کێشەی لایەکی تەواو لە ئینسانی کۆمەڵی کوردستان، یانی ژنان و مەسەلەکەیان بدەنەوە؟ ئایا لە بنەڕەتداو لە دیدگاو دەزگای فکری ئەواندا مەسەلەی ژنان جێگایەکی هەیە؟ ئایا شان و شەوکەتی دوو هێزی عەشیرەیی

هەڵیدەگرێ باسی مەسەلەی ژن و ماف و خواستەکانیان بهێننەئاراوە؟ ئایا خەڵك و کۆمەڵگا ئەم قسەیان لێوەردەگرێ؟ ئەسڵەن ئایا دەکرێ بە دەسەڵاتی خێڵەکیی ئەم حیزبانە بووترێ حکومەت؟ کارنامەی تا ئێستایان ئەوە دەخاتەڕوو، کە وەڵامی ئەم پرسیارانە نەخێرە! بەڵام ئایا ژنان ڕێگەدەدەن ژمارەیەك کۆنەپەرستی نەتەوەپەرست وناموسپەرست وپیاوسالار ڕەسمی خەبات و مافەکانیان بکێشن؟ ئەی کەوایە بۆچی مەسەلەی ژن لەناو هەراوزەنای یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەدا هێنراوەتە پێشەوە؟ بەبڕوای من ئەم دوو حیزبە بە تەرحکردنی ئەم مەسەلەیە لەم شێوە و فۆرمەیدا، بەنیازن بزووتنەوەیەکی دژە ئاراستە لە کەسایەتی ژنانی ناو حیزبەکانیان و ڕێکخراوە ژنانییەکانی سەر بەخۆیان پێکبێنن بۆ بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو یەکسانیخوازانەی ژنانی کوردستان. هەوڵێکە بۆ داتەکاندنی ئەم بزووتنەوەیە لە ماناو ناوەڕۆکی واقعی خۆی، سیناریۆیەکە بۆ خستنەڕووی مەسەلەی ژنان و ویست وداواکارییەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەو پلاتفۆرمی ئەم دیاردە دژەئاراستەیەی ژنانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا.

سەرنجبدەن عدنان مفتی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنیدا چی دەڵێ:"...پاشان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ووتەیەکدا دوای ئەوەی پشتیوانی پەرلەمانی بۆ یاداشت و داخوازییەکانیان نیشاندا، باسی لەو گرنگی و بایەخدانە کرد کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە دابینکردنی ماڤ ژنان و ئافرەتان دراوە، لە بارەی بە داواکاری ڕێکخراوەکانی ژنانیش بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە حکومەتدا،ووتی: ئەم مەسەلەیە بەشێکی پەیوەندی بە خەباتی ئێوەو تواناو لێهاتوویی ئەو ژن و ئافرەتانە هەیە کە لەلایەن حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان کاندیددەکرێن و ووتیشی: ڕاستە ئەم ڕێژەیەی ئێستای ژنان لە حکومەت کەمە. بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە حیزبەکانەوە هەیەو ئێوە دەبێ لە خەبات بەردەوام بن و داوا لە حیزبەکان بکەن کە لە داهاتوودا ڕێژەی کاندیدەکانی ژن زیادبکرێت (خەت هی منە)". (سەرچاوەhttp://www.pukmedia.com/kurdinews/25-5/news14.html). قسەکەری ڕەسمی ئەم حیزبانە، یانی سەرۆکی پەرلەمان باس لە بایەخدانی پەرلەمانێك و حکومەتێك دەکات بۆ دابینکردنی ماڤ ژنان کە خودی عدنان مفتی وحیزبەکان و سەرۆکەکانیشیان ناتوانن بیشارنەوە کە بە پەرلەمان و حکومەتی نازانن! ئەوەتا لە قسەکانی سەرۆکی پەرلەماندا بە ڕوونی دەبینرێت باسی دەسەڵاتی موتڵەقی حیزبەکان دەکات لەناو حکومەتدا. هەر ئەمە کە تاڵەبانی و بەرزانی خاوەن دەسەڵاتی ئیمپراتۆرین و مەسئولینی دیکەی حیزبی هەریەکەیان میرێکن بۆ خۆیان لە ناوچەکانی نفوزیانداو تەنانەت حوکم و یاسای تایبەتیشیان بەدەستە، بەڵگەی ڕاستی ئەو قسانەیە! کار بە شوێنێك گەیشتووە یەکێتی نیشتمانی بەناوی "سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر" پێشنیاری خۆی بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان داوەتە جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەتا بخرێتەبەردەم کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك کەمپینی سیاسی–تەبلیغی هاوبەشی مەکتەب سیاسی هەردوو حیزب بەڕێخراوە. ڕۆژی 23–5–2006 بەرنامەی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەژێرناوی هاوپەیمانی جێندەردا کۆڕیان بۆ مەلابەختیار و محمود محمد ئەندامانی م.س یەکێتی و پارتی ڕێکخستووە لە شاری هەولێر. ئەم حیزبانە دەیانەوێ بە بڕینی ئەم کاڵایە بە باڵای مەسەلەی ژن و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەیدا وا نیشانبدەن، گوایا کوردستان و خەڵکەکەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی ناسیونال–خێڵەکیی حیزبەکانی بەرزانی و تاڵەبانیدا، لە بەهەشتی بەرینی کامەرانیدا بەسەردەبەن ولە هیچ شتێکیان کەم نییە تەنها ئەوەندەنەبێت "ڕێژەی بەشداربوونی ژنان لەچاو پیاواندا" لە دەسەڵاتی حیزبی و حکومیدا لە خوارەوەی پیاواندایە و وا خەریکن بە "شێوازی دیموکراتیانە" ئەویش چارەسەردەکەن! ئەم هەوڵە فریودەرانەیە نەك هەر نە لە دوور و نە لە نزیك پەیوەندی نییە بە چارەسەر یا وەڵامدانەوە بە مەسەلەی ژنانەوە، بەڵکو ڕێك لە بەرامبەر و دژ بە ژنان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەیاندایە.

دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی چ بە جیاجیا و چ بە هاوبەشی نێوانیان، لەبەردەم یەك شەپۆلی گەورە و بەرینی نەفرەت و ناڕەزایەتی جەماوەریدا خۆیان دەبیننەوە. خۆپیشاندانەکانی ڕانییە و کەلار و ئاکرێ و هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە، مانگرتن و خۆپیشاندانی خویندکاران و لاوان و مامۆستایان و...تد، بۆنی حەرەکەتێکی قووڵتر و فراوانتری لێدێت کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرتاپا گەندەڵ و سەرووخەڵکیاندا بەڕێکەوتووە. ژنان وبزووتنەوەی یەکسانیخوازیشیان لە ئاستی سەرتاسەریدا خۆیان سەر بەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەزانن. ژنانیش وەکو بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان سەرەڕای زوڵم و بێمافییەك کە وەکو ژنان لەژێر سایەی دەسەڵاتی

خێڵەکی ئەحزابی کوردیدا بەسەریاندا سەپێنراوە، هەمیشە چەقۆی ژەنگاوی ناموسپەرستیی لەسەر ملیانە، هەمان دەرد و مەینەتی و بێمافیش دەیانگرێتەوە کە ڕووبەڕووی باوك وبراو هاوسەر و ئازیزانیان دەبێتەوە. بۆیە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان وڕابەران و ڕێکخراوەکانیان بەر لە هەر کەسێکی تر دەبێ لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی عەشیرەیی پارتی و یەکێتیدا بوەستنەوە و خەباتی خۆیان لەگەڵ ناڕەزایەتی گشتی لە دژی ئەم دەسەڵاتە گرێبدەنەوە. ئەو ڕێکخراو و ژنانەی کە دەستەمۆی ئەم دەسەڵاتە بوون، مقاشی دەستی بزووتنەوەی ناسیونال-عەشیرەیی کوردن بۆ سەپاندنی پلەدوویی وجێگاوڕێگای نزمتریان لەچاو پیاواندا. ئەوانە نەك نوێنەری ژنان نین، بەڵکو نوێنەری تەسلیمبوونن لەبەردەم دەسەڵاتی پیاوسالاریدا. ژنان شایستەی مافی یەکسان و هەمەلایەنەن لەگەڵ پیاواندا و دەبێ بۆ ئەم جیگاوڕێگایە خەباتیان درێژەپێبدەن. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە خەباتی هاوبەشی ژنان وپیاوانی ئازادە لە مێژوودا ناسراوە. ژنانی ئازادە وهەڵسووڕاوان و ڕابەرانیان نابێت ڕێگابدەن مشتێك سەرەك خێڵ وعەشیرە نەخشەی ژیانی کۆیلەتی نەوەیەك لە ژنانی ئەم وولاتە دابڕێژن. ژنانی کوردستان دەکرێ و دەتوانن لەدەوری شیعاری یەکسانیی هەمەلایەنەی نێوان ژنان و پیاوان خەبات و ناڕەزایەتییەکانیان یەکگرتوو و ڕێکخراوبکەن. دانانی ژمارەیەکی زیاتری ژنان لە ناو دەسەڵاتی خێڵەکی و گەندەڵی ئەم حیزبانەدا نەك بچووکترین خزمەت ناکات بە کێشەکەیان، بەڵکو ئاڵۆزتر وناهەموارتری دەکات.

2006-2-27